# ڕەخنەی ئەدەبی جەمسەرێک لە هزر و داهێنان


د. محەمەد ڕەحیمیان
(تیکاب)


**ڕەخنە هونەری یاخیگەرییە، یاخیگەرییەکی ژیرانە دژ بە گەمەکانی حەقیقەت.**

**میشیل فووکۆ**

«مێژووی ڕەخنە و ڕەخنە نووسین لە ئەدەبی کوردیدا››، ئاراستەیەکی زمانییە بۆ دابینکردنی بەستێنێکی توێژەرانە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. دیارە ئەم بابەتە لە ئاست دەستەواژەدا، شارستەیەکی تۆکمە و تەواوە و خوازیاری قەوارەبەندی مەعریفەیەکی هزری و ئەدەبییە؛ بەڵام لە ئاست ئەمری واقیع و لایەنی پراکتیکیدا، بێ هیچ گومانێک توێژەر تووشی گەلێک کەلێن و کەمایەسی دەبێت. ئەم کەمایەسیانە سەرەڕای کێشەگەلێک وەک بەڵگەناسی، فاکت هێنانەوە، قۆناغبەندی و دیاریکردنی ڕەوتی مێژوویی، لە باری بناغە و بنیادی هزری و مەعریفی، هەروەها ئۆنتۆلۆژی و ئیپیستیمۆلۆژی ڕەخنەوە، ئاستەنگی بنەڕەتی هەیە، ئاستەنگێک کە بە چەندان لایەنی مێژوویی، فەرهەنگی، فیکری و کۆمەڵایەتییەوە تەنراوە.

هەر وەک زۆربەی چەمکە مەعریفییەکان، پێناسەی چەمکی «ڕەخنە»، بە پێی مێژووی مەعریفە و ژیانی فەرهەنگی و زانستی مرۆڤ، لە ئاڵوگۆڕدایە و نالوێ بە مسۆگەرییەوە پێناسەیەکی گشتگیر و هەمیشەیی لە پێناویدا قەوارەبەندی بکرێت و بنج -بڕانە لە چوارچێوەی ئیپستمەیەکدا بگونجێت.

ئەگەر بکرێت لە مێژووی ئەدەبیدا، لە باری مەعریفییەوە، یان لانی کەم لە باری زاراوەناسییەوە، جۆرەکانی «ڕەخنەی ئەدەبی کوردی» دیاری بکەین، بەرچاوترینیان بریتین لە ڕاستکردنەوە (تصحیح)ی دەقە کۆنەکان، ساغکردنەوەی ڕێنووس، شیکاری و وردبوونەوە لە دەق (بە دەقی ئایینی و ئەدەبی و شیعر و پەخشانەوە)، لێکۆڵینەوە لە ژیان و ئاسەواری نووسەران و شاعیران، نووسینی فەرهەنگۆک، پەراوێزنووسی، پێوەردانان و بووتیقانووسی، هەڵسەنگاندنی دەق بە پێی پێوەری دیاریکراو، بەراوردکاری، لێکدانەوە، نرخناسی، تەنانەت نووسینی مێژووی ئەدەبی.

بە پێی ئەم شێوە ئاکارانە و ئەم جۆرە تووشیاریانە لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکاندا، دەتوانین بیسەلمێنین کە هەر لە سەدەکانی شازدەی زایینییەوە تا ئێستاکانێ، بە پەرەگرتنی مۆدێرنیتە و دەسکەوتەکانی، تاقمی ڕۆشنبیری (١) کوردی، هەم دەقی ناسیوە و هەم خوێندنەوەی لە پێناویدا هەبووە و تا ڕادەیەک هەوڵی بۆ سازدانی گوتاری ڕەخنە داوە و دەروەستی شیکاری و ڕاڤە و شرۆڤەی دەق هاتووە، واتە گوتاری خوێندنەوە، بە مانای ڕامان، تێفکرین و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە دەق و هەڵوێست دەربڕین لە پێناویدا، لە دەڤەری ئەدەبی کوردیدا چەکەرەی کردووە و لە ئاستی زەوق و مەزاجی کوردەواریدا پێوەرگەلێک بۆ پۆلێنبەندی و بژارکردنی دروست لە نادروست دانراوە.

با بە مودارا و دڵبلاوییەوە، هەموو ئەم هەڵسوکەوتانە لە چوارچێوەی پێناسەیەکی هێڵ و هەراودا بە «ڕەخنەی ئەدەبی» لە قەڵەم بدەین و بە شێوەیەکی کاتەکی ئاوای پێناسە بکەین کە «ڕەخنە بریتییە لە هەڵبژاردن و خوێندنەوەی دەق و ئاوەڵاکردنەوەی بە ڕووی خوێنەرانی تردا». بەم پێیە ڕەخنە هەموو بابەتێک ناخوێنێتەوە، بەڵکوو هەڵیدەبژێرێت و بەم بژاردەیە بایەخ و ڕەوایی بە دەق دەبەخشێت. پاش هەڵبژاردن و بەل کردنەوەی پلەوپایەی لە چاو دەقەکانی دیکە، پردێک لە نێوان دەق و خوێنەردا چێ دەکات. ئەم لایەنە ئیجابی و ئەرێنییە، ئاکامی ئەو هەوڵانە بووە کە لە بواری ئەدەبی کوردیدا لە چوارچێوەی «ڕەخنەی ئەدەبی»، یان با بڵێین خوێندنەوە و ئاوڕدانەوە لە دەقە ئەدەبییەکان بەدی هاتووە.

ئەم پرۆسەیە بە هەموو کەموکووڕی و کێشەکانییەوە، گەلێک یارمەتی ئەدەبی کوردی داوە و دەوری لە پەرە و پێشکەوتنیدا گێڕاوە.

تا ئێرەکانێ و بە پێی ئەمری واقیع «ڕەخنەی ئەدەبی کوردی»مان بە شێوەیەک پێناسە کرد کە لە پێناو دەقی کوردیدا هەڵوێستی ئەرێنی هەبووە و پاڵپشتی لە گەشە و گرشەی ئەدەب کردووە؛ لە حاڵێکدا کە میتۆد و ڕەوشی ڕەخنە بە گشتی و لانی کەم بە مانا کلاسیکەکەی شەنوکەوکردن و دەرخستنی قەوەت و لاوازی دەق و بەرزکردنەوەی زەوق و پەسەندی گشتی جەماوەر و لە دەورخستنی ئاسەواری ناپەسەنە کە بە گەلێک هۆوە لەم بوارەدا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەنگاوێکی ئەوتۆی هەڵنەهێناوە و هێندەی زاوتە بەسەر بارودۆخەکەوە نەبووە، کە پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمە مامناوەندی، یان تەنانەت بەرهەمی بێ تین و تاوشت بکاتن.

دیاریکردنی دەقی شوێندانەر و پێوەرساز، پۆلێنبەندی دەقە دەورانسازەکان، سەرچەشنسازی و ناساندنی ماک و هێمانەکانی دەقی سەرکەوتوو، بژاردنی کێماتی بەرهەمی شەوێق و داڕشتنی

تیۆرییەکی گشتی و تەکووزمەند بە پێی بەرهەمی ئەدەبی کوردی و بژاردنی یاسا و ڕێسای ئاسەواری سەرکەوتوو و ناساندنی بەرهەمە دروشمدارەکان، لە کەمایەسی و کەمتەرخەمییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە، بەڵام سەرەڕای ئەم کەمایەسییانە لە پاوانی هزر و مەعریفەی ئەدەبی کوردیدا، ئاڵوگۆڕە جیهانی و سەردەمیانە و بنەڕەتییەکان بایەخی پێ دراوە و نووسەری کورد، تێگەیشتنی لە پێناویدا هەبووە. ئەو ئاڵوگۆڕە گەردوونییە کە پێوەندییەکانی مرۆڤی گۆڕیوە و «ڤیرجینا وۆڵف» گوتەنی «هاوکات ئایین و ئاکاری مرۆڤ و سیاسەت و ئەدەبیاتیشی تووشی گۆڕانکاری کردووە»».

گرینگترین گۆڕانکاری لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا گرینگیدان بە دەقە کە پێوەندی بە قۆناغی دووەمی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی هەیە و پێش لە قۆناغی ڕەخنەی خوێنەرتەوەرە (٢). ڕەخنەی کلاسیکی کوردی بە گوتارێکی نووسەرتەوەرەوە، دەروەستی نووسەر و ساغکردنەوەی شان و شکۆی نووسەر و بۆچوونەکانیەتی. بە گۆڕانکارییەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە و پەرەگرتنی مۆدێرنیسم، دەق وەک تەوەرەی سەرەکی ئاراستەکرا و بە تیۆرییەکەی «ڕۆڵان بارت» سەبارەت بە «مەرگی بەرهەمهێنەر»، ڕەخنەگران دەستیان لە نووسەر داشۆرد. ئەم گوتارە بووە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی دەقی لە نووسەردابڕاو و بە جۆرێک دەقی، قورس و قایمتر لە جاران و بە گرینگایەتییەکی زۆرترەوە خستە ژێر سەرنجی لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانەوە.

دیارە لە باری ئۆنتۆلۆژیکەوە، هەبوونی ڕەخنە پەیوەستە بە بوونی دەقەوە. دەقێکی ئەدەبی کە ڕەخنە سەبارەت بە وی بدوێت و بنەمای پێوەندییەکی دیالکتیکی لە گەڵیدا دابمەزرێنێت، واتە هەر دەقێکی ئەدەبی بە ڕەخنەوە ئاوسە و بە بێ دەق، ڕەخنە بوونی نییە؛ کە دەق دەخوڵقێ بە شێوەی هێزەکی بەستێنێکە بۆ خوڵقانی ڕەخنە، هەر بەم پێیەش، لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەق، ڕەوت و سیستمی ڕەخنەش دیاری دەکات. «وا دیارە ڕەخنە لە چاو گەوهەر و کرۆک و کارکردەوە ملکەچی بابەتێکی دەرەکییە؛ واتە ڕەخنە تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ بابەتێکی دیکەدا بوونی هەیە. ڕەخنە سەبارەت بە فەلسەفە، زانست، سیاسەت، ئەخلاق، ماف، ئەدەبیات و ... تاد پاشڕەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمانە ڕەخنە هەڵگری جۆرە پێوەرێکی بەقازانجە و پێدەچێت پێویستییەکی هەمەلایەنە بێت» (فووکۆ، ٤٨، ١٣٩٨).

بەستراوەیی جەوهەری ڕەخنە بە دەقەوە بەو واتایە ناشکێتەوە کە لەم کەینوبەینەدا دەقە ئەدەبییەکە سەرپشک بێت و هەڤیازی بەسەر ڕەخنەدا هەبێتن؛ بەڵکوو پەرەگرتن و گەشە و گرشەی دەق و مان و نەمانی بە ڕەخنەوە نووساوە. ڕەخنە لە پێناو دەقدا بڕیار دەدات و دەیبووژێنێتەوە؛ بەم پێیە پێوەندی دەق و ڕەخنە دانوستانێکی دوولایەنەی ئۆنتۆلۆژیکە، ئەگەرچی میشل فووکۆ، ڕەخنە بە پاشڕەوی دەق لە قەڵەم دەدات، بەڵام هەر بە پێی ئەو ڕەچەڵەکناسییەی خۆی کە لە چەمک و بابەتە فەرهەنگییەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەوتی هزر و زانستی مرۆڤ بە زاراوەی «مێژووی گۆڕینی پێوەندییەکان» لێک دەداتەوە، گۆڕینی پێوەندییەکان و ئاڵوگۆڕی دانوستانەکان، هزرێکی نوێ لە گۆڕەپانی زانست و تێگەیشتن و لێکدانەوەی جیهان پێک دێنێ کە شێوەی پێوەندی دەق و ڕەخنەش لەم گۆڕانکارییە بێبەش نییە. شێوازی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکان و لێکدان و ڕاڤە و شرۆڤە کردنیان، هزرێکی نوێ بە ئاوەزی ڕەخنەییەوە

پێک دێنێت، هزرێک کە بوارێکە بۆ ڕامان و دارشتنی تیۆری تازە لە پێناو ئەدەبدا.

ڕەخنە لە حاند شیکاری و توێژینەوە و نرخناسی، یان مێژووی ئەدەبی، تێدەپەڕێت و خۆی وەک دەقێک و بابەتێکی هزری، تیۆری دادەڕێژێت و دەقە ئەدەبییەکان بە تیۆرییەکانییەوە تاقی دەکاتەوە. لێرەوەیە کە ڕەخنە بە تیۆردارێژی، پێوەر و بووتیقای تازە و ئاوانگارد پۆلێنبەندی دەکات و ئاسۆی گوتارێکی نوێ دەکاتەوە.

«ئیمانۆئێل کانت» (١٧٢٤ -١٨٠٤)، وەک پێکهێنەری فەلسەفەی ڕەخنەیی، وشەی ڕەخنەی (٣) بە واتای هەڵسەنگاندن و وەهەنگاوتن، دیاریکردنی (سنوورەکانی ئاوەزی مرۆڤ)، هێڵکاری، پێوەر و پێومان وەکار هێناوە، تا سنوورەکانی هزرین و ئاوەزی جوانیناسی و چۆنایەتی بڕیاردان و بەهرە (٤)ی داوەری لە سەر دەق، بە شێوەیەکی تەکووزمەندانە شی بکاتەوە. بە (کانت)ـەوە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لە سەر دەق و بەرهەمە هونەرییەکان، بوو بە مەعریفەیەکی فەلسەفی و بە پێی سێ بەهرەی «مەعریفە»، «هەستی چێژ و ژان» و «وزەی مەیل»، پۆلێنبەندی کرا و ئەدەب و هونەر لە چوارچێوەی کاتاگۆرییە فەلسەفییەکاندا لێکدرایەوە (٥).

«فریدریش هیگڵ» (١٧٧٠ -١٨٣١)، بە دیاردەناسی ڕۆح و دروشمەکانی لە ئاسەواری هونەری و باسی جوانیناسی، چەمکی ئەدەب و هونەری کرد بە بابەتێکی فەلسەفی و سەرهەڵدان و بوون و ڕەوتی هونەرەکانی بە ڕاڤەیەکی فەلسەفییەوە شی کردەوە (٦).

«مارتن هایدگەر» (١٨٨٩-١٩٧٦)، بە کتێبی «سەرەتای بەرهەمی هونەری»ـەوە پرسیاری چییەتی گەوهەر و کرۆکی هونەری هێنا گۆڕێ و پێوەندی نێوان حەقیقەت و هونەری شرۆڤە کرد. هایدگەر بەرهەمی هونەری وەک پێگەی دەرکەوتن و درەوشانەوەی حەقیقەت هێنا ئەژمار و بەم شێوەیە هونەر و ئەدەبی بە حەقیقەتەوە گرێ دا و کردی بە بابەتێکی فکری و فەلسەفی (٧).

ڕاستە کە سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی و نووسین و شیکاری تایبەت، سەبارەت بە ئەدەب و هونەر دەچێتەوە سەر بووتیقاکەی «ئەرەستۆ» (٣٨٤ - ٣٢٢پ.ز) کە لە سیپارەی «سەبارەت بە شیعر» (٨)دا نووسراوە، بەڵام ئەرەستۆ بە پێناسە و پۆلێنبەندی بەرهەمە باوەکان و شیکاری و تەوسیفی بابەتەکان، پێوانە و بووتیقایەک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی پێک دێنێت، بێ ئەوەی کە لە باری فەلسەفی و مەعریفەناسییەوە لێیان بدوێت، یان پێگەیان لە پێناو حەقیقەتدا دیاری بکات، ئەمە کانت بوو کە بوونی هونەر و ئەدەبی وەک بابەتێکی ئۆنتۆلۆژیکی خستە ژێر باس و شێوەی بڕیاردانی لە باری ئیپستیمۆلۆژیکییەوە قەوارەبەندی کرد، یان هیگڵ ڕەوتی ڕۆح (٩) و شێوەی دەرکەوتنی لە سیمای هونەرە جۆراوجۆرەکاندا شی کردەوە و هایدگەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە عالەمێک وێناند کە هەبوون و حەقیقەت تێیدا ئەسرووشێتەوە.

بەم سێ فەیلەسووفەوە، ڕەخنەی ئەدەبی چووە قۆناغێکی دیکەوە کە نەک هەر قۆناغێکی تازە بوو، بەڵکوو گوتارێکی نوێ بوو کە شێوە و میتۆدێکی جیاوازی لە پێناو دەقدا گرتەبەر و بە زمانێکی دیکەوە، یان با بڵێین بە زمان و میتۆدێکی فەلسەفییەوە هاتە ئاخاوتن. ڕەخنەی ئەدەبی بوو بە بابەتێک بۆ تێفکرین و ڕامان لە پێناو بەرهەمە ئەدەبییەکان هەر وا کە جیهان بابەتێک بوو بۆ ڕامان و ڕاڤەی فەیلەسووفەکان.

لێرەوە ڕەخنەی ئەدەبی وەک دەقێکی ئەدەبی – فەلسەفی بووە بەرهەمێکی داهێنەرانە کە ڕەخنەگر بە داهێنانی چەمکی تازە و زمان و مەعریفەیەکی نوێوە، دەق دەخوێنێتەوە و تیۆریزەی دەکات.

خوێندنەوەیەکی داهێنەرانە، تیۆر داڕێژی، چەمکسازی و پێکهێنانی قوتابخانەی ئەدەبی تازە، ئاکامی بە فەلسەفیبوونی ڕەخنەی ئەدەبی بوو. لەم بەستێنەدا گوتارێکی ڕەخنەگرانە هاتە ئاراوە کە «فووکۆ» بە چەمکی «ئاوەزی ڕەخنەیی» (١٠) ناوی لێ دەبات. ئاوەزێک کە بە خوێندنەوەیەکی وشیارانە، ڕۆچنەیەکی تازەی بە ڕووی جیهانی دەق کردووەتەوە و ژانرێکی پێک هێناوە کە جوانناسی وەک چەمکێکی فەلسەفی وەردەگرێت تا لایەنە مەعریفییەکانی بە پێی هزرێکی فەلسەفی تیۆریزە بکات بێ ئەوەی کە ئاستی جوانی، یان بەلاغی، یان عاتیفی بابەتەکە دابەزێنی. لێرەوە بوو کە گوتارێکی فەلسەفی – ئەدەبی پێکهات و دەق و بەرهەمی ئەدەبی بوو بە بەستێنێک بۆ هزرین و تێفکرین، بەستێنێک کە بە چەمکی داهێنەرانەوە لایەن و لواوییەکانی دەقە ئەدەبییەکانی خستە ژێر تیشکی ڕەخنە و ڕاڤەوە. بیرمەندگەلێکی وەک نیتشە، دریدا، بودریار، ئاڵتوسێر، ئادرنۆ، بنیامین، مارکووزە و ... هەریەک بە چەمکی فەلسەفی و داهێنەرانەوە لە گەڵ دەق ڕووبەڕووبوونەوە و جیهانگەلێکی تازەیان لە سەر دەقەکاندا دامەزراند.

با باسەکەمان ئاوا کورت بکەینەوە کە ئێستاکە ڕەخنەی ئەدەبی وەک ژانر و بابەتێک بە شێوازی نیشانەناسی، زمانناسی، جوانیناسی و ...تاد لە گۆڕەپانی ئەدەب و بەرهەم هێناندا خۆی دەرخستووە و بووە بە میتۆدێک بۆ خوێندنەوە؛ میتۆدێک کە بە سوود وەرگرتن لە زانستە جۆراوجۆرەکانی ناوەندی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فەلسەفە، مێژوو و ... بۆ لێکدانەوە و کەشفی نهێنییەکانی دەق، تەواوکەرەوەی بەرهەمەکانە. بەم شێوەیە ڕەخنەی ئەدەبی بووە بە زەروورەت و پێویستییەک بۆ تەواو کردن، یان بەردەوامی دەق تا ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر دەقێک ڕەخنەی لە سەر نەنووسرێ و بە ئاوەزی ڕەخنەییەوە لێی نەکۆڵدرێتەوە، بە نیمەچڵی و ناتەواوی دەمێنێت و لە خۆیدا قەتیس دەبێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- وشەی ڕۆشنبیر لێرەدا بە واتا گشتییەکەی بە کار هاتووە و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە وشیارییەوە ئاگاداری سەردەمی خۆیان و پێویستەکانی بوونە.

٢- بە گشتی ڕەخنەی ئەدەبی بەسەر سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: نووسەرتەوەری/ دەق تەوەری/ خوێنەرتەوەری.

٣- Critique

٤- Faculty

٥- بڕوانە: کانت، ایمانوئل، نقد قوەی حکم، ترجمه عبدالکریم رشیدیان، تهران: نشر، نی، ١٣٨٨.

٦- بڕوانە: هگل، فریدریش، پدیدارشناسی روح و زیباشناسی، ترجمه محمود عبادیان، تهران: نشر علم، ١٣٨٧.

٧- بڕوانە: هیدگر، مارتین، سرآغاز کار هنری، ترجمه پرویز ضیاشهابی، تهران: هرمس، ١٣٧٩

٨- بڕوانە: ارسطو، هنر شعر، ترجمه سهیل محسن افنان، تهران: حکمت، ١٣٨٨.

٩- Geist Suol یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی فەلسەفەی هیگڵ.

١٠- بڕوانە: فوکو، میشل، نقد چیست و پرورش خود، ترجمه نیکو سرخوش و افشین جهاندیده، تهران: نشر نی، ١٣٩٧.